**داخستنی بارەگای پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان خزمەت بەکێ دەکات**

**دیار غەریب**

**diyar_helmet@yahoo.com**

پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان وەکو پارتییەکی دیموکراتخواز و نەتەوەیی ماوەی چوار ساڵە تێکۆشان بەڕێوە دەبات لەسەر ئاستی باشووری کوردستان و ئێراق، ئەم پارتە هەر وەکو لەبەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆیدا دیاریکردووە باوەڕی بەتێکۆشانی دیموکراتی هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و بەکردەوەش ئەمەی سەلماندووە. ئەوەتە هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە هەتا ئێستا گەلێ ئاستەنگی بۆ دروستکراوە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە، بەڵام ئەم پارتە هەوڵیداوە لەڕێگەی تێکۆشانی دیموکراسییەوە وەڵام بداتەوەو هەڵوێستە نادیموکراتییەکانی ئەم پارتانە شەرمەزار بکات و کاریگەریان لەسەر دروست بکات کە بەهەڵوێستی خۆیاندا بچنەوە، ئەوەی هەتا ئێستا دیارە ئەو هەڵوێستانە کاریگەری کەمی لەسەر ئەم دوو پارتە دروستکردووە، ئەگەر وەها نەبێت بۆچی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئیدارەکەی لە دهۆك بارەگای پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان دادەخات. وادیارە ئیدارەی پارتی دیموکراتی کوردستان زمانی دیموکراتی نازانێ و حەزی لەزمانی ترە ئەگەرنا بۆچی شەوو رۆژ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پارتی داوای ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لەگەڵ کۆنە بەعسییەکان و هەموو رەنگێکی تری خەڵك دەکات و کۆنگرە و کۆنفرانسیان بۆ دەبەستێت، بەڵام ئامادە نین لەگەڵ پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان دابنیشن و بەو بیانووەی لەسەر هێڵی پەکەکە دامەزراوە ئەوان پێشتر لەگەڵ پەکەکە شەڕیان کردووە، لەبەر ئەمە ئامادە نین کە لەگەڵ پارتییەك دابنیشن کە نوێنەرایەتی ئەم هێڵە بکات. گومانی تێدانییە کە ئەم هەڵوێستەی پارتی دیموکراتی کوردستان تەنیا خزمەت بە دۆزی نەتەوەیی و تێکۆشانی دیموکراتی ناکات لە کوردستاندا ئیتر خزمەت بەهەموو هێڵ و لایەنێکی تر دەکات. نازانم ئیدارەی پارتی دیموکرات و دهۆك بەتایبەتی دەیانەوێ چ بە جەماوەر بڵێن، دوێنێ بارەگای یەکگرتووی ئیسلامیان سوتاندو ئەمڕۆ بارەگای پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان دادەخەن و بانگەوازی نەتەوییەت و دیموکراتییەتیش دەکەن ئایا نازانن ئەوەندە سەرکووتکردن کاردانەوەی خراپ لای جەماوەر دروست دەکات. ئایا نازانن سەرکوتکردنی رێکخستنێکی دیموکراتخوازی وەکو پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان زەمینە بۆ پارت و رێکخستنە نادیموکراتەکان خۆش دەکات مێژووی ئەم چەند ساڵەی دوایش ئەو راستییەی سەلماندووە.